

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە٢٦ـ ١٥ی پووشپەڕ ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

خەدیجە جاوید
موحسین سوبحانی
ئەمیر سیراجەدین
پەروین شێخی
حمێرا محەمەد ئەمینی
جێگر بەختیار
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی
بیژەن ڕەحمانی

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- ئەم ژمارەیەی چیرۆکەڵە پێشکەشە بە سەردەشتی زامدار بە چەکی ژەهراوی
- چیرۆکی کارگەیی

- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

١٥ی پووشپەڕ ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «گێلاس بە تامی سێو»

ـ مەحموود! کوڕە نا، خالید! خالید نا نا، جەفحەر! جەفحەری چی، چاو ئەو هۆشەی من، حوسێن! حوسێنیش نا، کوڕە هۆی کەماڵ! ئەوە بۆ جواب نادەیەوە ڕۆڵە؟!

ـ دایە کوڕەکان لەماڵێ نین، چییە دیسان کەپسوولەکەت خاڵی بووە؟ ئەوە دێم بۆخۆم بۆت دەگۆڕم، پەلە مەکە!

ـ ئایڕۆ مەحسووم گیان ئەوە هەر لێرەی، کچێ تۆ بۆ ناچییەوە سەر ئەو ماڵ و حاڵی خۆت! ئاخری مێردەکەت لەسەر من تەڵاقت دەدات! لە سێو و گێلاست دەکات!

ـ ناتوانێ دایە گیان، من پێنج برام هەیە، چۆن دەوێرێ لەترسی وان تەڵاقم بدات!

ـ ئەی کوان؟ بۆ دیارنین ئەو پێنج برایەت!؟ بۆ نایەنەوە؟ قەبر هەڵکەندن چەندی دەوێ؟ باشە بۆ چەن کەس مردووە؟ بۆ پیاوی دیکە نەماوە ئەو کوڕە بەستەزمانانەی من نەبێ؟ چ خودا بەردارە ئەوەندەیان بێگاری پێ بکەن! حوسێن منداڵە بۆ پێمەڕەلێدان نابێ، ئەو بابانوێرانەیان بۆ لەگەڵ خۆیان بردووە؟!

ـ دێنەوە دایە گیان دێنەوە. پەلەت نەبێ!

ـ ئەی کوا؟ ئەوە دە بەریان گێلاس ڕنییوە هەر دەڵێی ئەورۆ نا سبەی دێنەوە! مەحسووم گیان تۆش بەشێتم دەزانی؟ بۆ ناڵێی ژنیان هێناوە بووکەکانم ناهێڵن بێنەوە!؟ باشە بەقوربان ئەی تۆ بۆ منداڵەکانی خۆتم پیشان نادەی؟ ئەوان لەترسی ژنەکانیان ناوێرن نەوەکانم بێننەوە تاوێک

لەباوەشیان بکەم، بۆنیان پێوە بکەم، تۆ چی؟! ها! کوتت دوو کچی ناسکۆڵت بووە؟ نێویان چ بوو؟ ئەرێ سێوە و گێلاس؟ بەقوربانیان بم، کەنگێ دەیانهێنی ئەو گووپە خڕانەیان بگەزم؟ ڕۆڵە گیان بۆ ئەو برۆیانەت هەڵناگری؟ بۆ داوێک لەو لاجانگ و سمێڵ و شتەت نادەی؟ مێردەکەت دەعیی نایە بێت سەرێکم لێ بدات؟ خۆ ڕۆڵە من گول نیم، لە ئێوە ساغترم، هەر ئەو ماسکە سەگە و ئەو کەپسوولە هیچەم بەکۆڵەوە بووە. ئەوانیش خۆ پێوەنادەن؛ هەناسەیان پێ هەڵدەکێشم! خالید-حوسێن! مەحموود-جەفحەر! کوڕە کەماڵ! ڕۆڵە بۆ جواب نادەیەوە، ئاوا جێی بابی ڕەحمەتیت دەگرییەوە! وەرە ڕۆڵە وەرە ئەو خوشکە ماڵوێرانەت بەرەوە "ڕەشەهەرمێ" بۆسەر ماڵ و حاڵەکەی خۆی تا مێردەکەی تەڵاقی نەداوە! خودا چاک بۆ ئەوەی نەکات منی لەوێ هەڵقەند هێنامییە شاری! دەوەرە دەی چ دەکەی هەر دەنگت هەیە و ڕەنگ نییە!

◄ ناسر فەتحی

**«جاران»**

حەوحەوی ئەورۆژەی سەگەکان واتادار بوو؛ بەڵام کێ دەیزانی، ڕۆژێک دێت مرۆڤ پێویستیی بە فێربوونی زمانی سەگیش دەبێ!

◄ ناسر فەتحی

## «مەیلەو ڕەش»

لەگەڵ سیروان چاومان لە مۆندیالی تۆپێنی ٢٠١٨, یارییەکەی ژاپۆن و سێنێگاڵ دەکرد; ئالان گوتی: بابە! ئەو ڕەشپێستانە چاویان دنیا دەبینێ؟!

گوتم: ڕۆڵە! خۆ بەرچاویان ڕوونە; وەک پێستیان ڕەش نییە!

لە کاتی چاولێکردنی یارییەکە دا سیروان پشووی سوار بوو; ئاسەواری برینی کۆن دوای سی ساڵ هەر لە جەستەی دا ماوەتەوە; ئێستاکەش سەر گوێزینگی لاقی چەپی شین و ڕەش بۆتەوە! لە نێوان دو نیوەی یارییەکە دا, سیروان چوو لە دەواخانە ئێسپری بکرێ.

منداڵ کە بووم; دایکم دەیکوت هەرکەس گوناح بکات; لە جەهەندەم خوێی بۆ ڕۆ دەکەن; دەبێ بە مژۆڵی خڕی کاتەوە!  زۆرم ئیشتیا لە کەیک و نووشابە بوو; پووڵی خەرجییەکەم بەشی نەدەکرد. بە دزییەوە لە کیفەکەی دایکم پێنج تمەنم هەڵگرت و لەسەر پێنج تمەنە خەرجییەکەی ڕۆژانەم داناو کەیک و نووشابەم پێ کڕی. هێشتا کەیک و نووشابەکە لە گەرووم ئاوا نەببو کە هەستم کرد; گوناحێکی گەورەم کردووە. لەسەر سمیتەکەی حەوشەکەمان خوێم ڕۆ کرد و دمەوڕوو ڕاکشام و بە مژۆلم خڕم کردەوە; هێندێک خوێ پەڕییە نێو چاوم و چاوم سوورسوور بۆوە و دەکزاوە.

ئێستاکە سیروان تەمەنێکە بە هۆی کیمیابارانی سەردەشت چاوی دەکزێتەوە. بڵێی ئەویش تەماحی خواردنی کەیک و نووشابە گرتبێتی؟! ڕەنگی بەختی سیروانی ڕەبەن, مەیلەو پێستی ڕەشی یاریزانانی سێنێگاڵە; ئەویش لەسەر دەستی گوناحی دوو شەڕکەر! بێ کەیک و نووشابە!

◂ بیژەن ڕەحمانی

## «ڕەنگاڵەی بەرامە»

ئەگەرچی ئەو نەخۆشی من بوو بەڵام زۆر هێورتر لە من دەردەکەوت. بینینی گەنجێک بە دەمووچاوێکی پەنەماو و ئەو هەموو زیپکە لەسەر ڕوومەت و پێستی خوێن تیازاوی مل و سەر دەستەکانی کە بەو گەنجییە ڕوخساری پیرمێردێکی چرچیان پێدابوو، یەکەمجار بوو وەک پزیشکێک بمتۆقێنێ. لای من وابوو ئەو پێی ڕاهاتووە یاخود بە حوکمی ئەوەی هەر زگماک بینایی نەبووە و جەستەی خۆی نەبینیوە شتەکە لای ئاسایی دەنوێنێ. پێمگوت: من پێم سەیرە! تۆ بەم هەموو زەوە و زیپکەوە هاتووی بۆ لای من چیت بۆ بکەم؟! ئاخۆ من دوکتۆری لووت و گەرووم نەک پزیشکی پێست و جوانکاری!

ویستی تێمبگەیێنێ و وەک قسەکەی من سەرنجی بۆ لای کەپۆی ڕاکێشابێ جووڵەیەکی نائاسایی بە چاو و لووتی کرد:

-دوکتۆر! پێش ڕووداوەکە من کوێرێک بووم بە کەڵکی هیچ نەدەهاتم. هەتیوێکم بووم لە لای دایەگەورەم گەورە بووم. ئەو گوڵچنی عەتارییەکانی سەردەشت بوو. لە هەموو وەرزەکاندا چ گوڵێک لەو شاخانەدا نەمابوو بەرامەی نەگەیاندبێتە بازاڕەکانی شار.

لێرەدا پاش ڕاوەستانێکی کورت وەک چاوساغێک بە تەشقی ئاسماندا تێڕامێنێ، بەو چاوە هەمیشە کراوانەیەوە نیگایەکی بڕییە بنمیچەکە و ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و درێژەی پێدا:

-کە نەنکم مرد ئیدی بۆ گوزەرانی خۆم ناچار بووم ئەو کەپۆ زلەم بخەمە گەڕ و کەوتمە سۆراخی گوڵ و کولیلکی ئەو کوێستانانە. بەو کوێری و زەلیلییە دوای ماوەیەک وەک نەنکم شارەزای

گوڵچنین بووم. ئیدی هەموو عەتارییەکانی سەردەشت چاویان لە دەست و کەپۆی من بوو.

بەڵێ دوکتۆر گیان! خودای گەورە زۆربەی گیا و گوڵی تەرچک و تازە لە بەهاران دەڕوێنێ. بۆیە لەو وەرزەدا من زۆر هەستم بەرزترە. ئەوساڵە بەهارێکی خۆش بوو. ساڵ ئەگەر بە سروشت بیپێوی هەمیشە خۆشە بەڵام بە بەختی مرۆڤ هەمیشە ڕەشساڵە. لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا بووین. شار بۆنی ئەو عەتریات و گوڵە کێویلانەی لێدەهات لە پریاسکەی منەوە دەچوونە بازاڕەوە. گوڵ بۆنی بارووتی ڕەواندبوو.کۆڵان بەرامەی لۆی بەر شەتاوی لێدەهات. ئەو ساڵە من شنەی بەرامەی کوێستانان بووم و بە هەموو شاردا ڕەنگاڵەی بۆنم دەگێڕا. بە هاوینیش بێکار نەبووم. خودای بەهار لە چقڵ و دڕکیش شیلە و ئارەقی بە حیکمەت دەخولقێنێ. کەچی ڕۆژێکی هاوین بە خۆم و پریاسکەکەمەوە گەڕامەوە بۆ شار و لەو هەموو ئەو بۆنانەی من و نەنکم لەو ساڵانەدا بە شاردا بڵاومان کردبۆوە خەبەرێک نەبوو. تەنیا یەک بۆن بە لووتما ئەهات. بۆنی توندی خەردەل... بۆنی توندی خەردەل...

زۆر پێم سەیر بوو. هەموو کووچە و شەقام و بازاڕی سەردەشت گەڕام. وەک کەسێک هەموو گوڵ و عەترياتی ئێمەی لە پریاسکەی خۆیەوە پێچابێتەوە و لەبری تێکڕایان خەردەلی پرژاندبێ، شار هەر یەک بۆنی لێدەهات...

دوکتۆر دەردی من ئەوەیە. لەو ڕۆژەوە من تەنها یەک بۆن دەژنەفم.بۆنی توندی خەردەل. خەڵک دەڵێن شانست هەبووە نەیکوشتووی. دەڵێن ئەو زیپکانەی سەر لەشم هی ئەو گاز و بۆمبانەن بەوێ شاریدا داوە. بەڵام نا... من وای نابینم دوکتۆر..وەک چۆن بەیانییەک بێ قاوەڵتی بێیتە دەرێ لێوت هەڵدەزرێ ئاوا منیش لەو

ڕۆژەوە کە بەرامەی گوڵە کێویلەکان ناژنەفم تینووم کەوتووە و هەموو گیانم هەڵتۆقیوە. تکایە دوکتۆر تۆ بڕوا بەو خەڵکە مەکە. من نامەوێ ئەو زیپکانەی جەستم چابێتەوە. دارووییەکم بدەیە بتوانم بۆن بژنەفم و بە کوێستانانەدا بگەڕێم و دووبارە ئەم شارە پڕ بکەمەوە لە بۆنی گوڵی مێرگ و شاخان. تکایە دوکتور! تکایە...

نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە و چ پسوولەیەکی بدەمە دەست و بۆ کوێی بنێرم. بەڕاستی نەمدەزانی! بەڕاستی نەمدەزانی ....

موحسین سوبحانی

**«سەر زەر»**

ـ ئەو پیاوە چوارشانە ڕیشسپییە ڕەشپۆشە کە هەر ساڵ چاوەڕێی حەوتەمین ڕۆژی پووشپەڕ دەبێ و، بە کوڵمێک سێوەوە بە نێو گۆڕستانەکاندا پیاسە دەکات دۆزرایەوە!

ـ تۆ چاو لەو سەر دێرە درێژ و ئاڵۆزە بکە

ـ دەی درێژەکەی بخوێنەوە بزانم، کێیە ئەم کابرایە؟ ناوی چییە؟ هی کوێیە؟

ـ ڕوونکردنەوەیەکیان نەنووسیوە، بەس دوو وشە نەبێ

ـ ئێ؟ دە بیخوێنەوە

ـ زەەەەرردە سەررررردەشششش!

ـ ئەی هاوار چی بوو دیسا؟ بوەستە بوەستە ئێستا کەپسوولەکەت دەگۆڕم، من نەبم کەس ئاگای لەم داماوە نییە...!

ئەمیر سیراجەدین

«...»

برۆیەکی کێشاوە و ڕەش و جوان، برۆکەی‌تری بە نیوەیی و سووتاو و ناڕێک، چاوێکی ڕەش و گەورە و جوان، چاوەکەی‌تری لێڵ و تاریک و کوێر، لووتەکەی نیوە گۆشت و نیوە ئێسک، لێوەکانی وەک پلاستیکی حەل کراو، شوڕ و ترسناک، پێستی دەستی وەک خوریی سووتاو، ماسکێکی بە دەمیەوە زیاد کرد و نووکی قەڵەمووەکەی بە حبرِی ڕەش تەڕ کرد و لە ژێر تابلۆکە نووسی: "ڕووخساری ناشرین و ترسناکی من، وێنەی دەروونە ڕەشەکەی ئێوەیە؛ تاریک، دڕندە و بێ‌سۆز."

◂ ئەمیر سیراجەدین

**«حەوتێکی نەگریس»**

-ئەلۆ فەرموون

-سڵاو ببوورە خاتوو نەسرین کەریمی؟

-سڵاو بەڵێ فەرموون بۆخۆمم

-ببوورە لە ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ موزاحیمتان دەبم ئەو کاتەت باش خاتوون

-سپاس بۆ ئێوە ئەمر بفەرموون!

-هههههه نامناسی نەسرین؟!

-سۆران تۆیی؟!

-ئەرێ بۆخۆمم

-بۆ خۆتم لێ دەگۆڕی پێت وایە چون دوور کەوتوویەوە دەنگت ناناسمەوە؟

-هێندت لەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و دەسەڵات و...زەنگ بۆ لێدەدەن گوتم با منیش یەکێ لەوانە بم.

-ئاخ سۆران نازانی چەند بێزارم لەو هەموو شانۆ و درووشمە!

-تۆ ئەو کەسە نی ماندوو بی تۆ چالاکی مەدەنی! ویستم پێت بڵێم من گەڕاومەتەوە دەساڵ دووری لەو وڵاتە ئاخۆ دەبێ چ گۆڕانێک بە سەر ئەو سرووشتە بێ وێنەیەی سەردەشتدا هاتبێ بە تایبەت پاش ئەو ڕووداوە؟!

-لەو ماوەیەدا زۆربەی هەواڵەکانم بە وێنە و گوزارش و تەنانەت لە قالبی چیرۆکدا بۆ ناردووی.

-ئەرێ ئەرێ سپاس بۆ تۆ و بۆ ئیمێلە چڕ و پڕەکانت بە تایبەت چیرۆکی "بەسێ شێت"زۆرم حەز لەو کەسایەتییە نووسیبووت ئەو کارەکتەرە زیندووە و تۆ ژیانی ڕۆژ بە ڕۆژی دەنووووسی !

نەسرین پێم خۆشە لە نیزیکەوە ببیینم منیش وەک چالاکێکی مەدەنی بڕیار وایە لە سەر ڕووداوی بۆردوومانی کیمیایی شارەکەمان

توێژینەوەم هەبێ تۆ یارمەتیم دەدەی؟

-ئاخ سۆران هەر تۆم کەم بووا!

-گەوجە بۆ کۆتایی ڕۆمانەکەت با منیش وەکوو خۆشەویستت ڕۆڵێکم هەبێ'من لە تارانم و پاش دوو ڕۆژان دێمەوە سەردەشت دەڕۆین بۆ لای بەسێ! سووژەیەکی دەگمەنە بۆ توێژینەوەکەم نووسیبووت حەوت کەسی لە بنەماڵەی لە دەست داوە و بە تەنیا و بێ کەس هەرکامیانی یەکە یەکە شتووە و بە حەوت ڕۆژان ناشتوونی!هەر بەو هۆیەوە تووشی خەمۆکی و نەخۆشی دەروونی بووە وێنەیەکت لە ڕوخساری بۆ ناردبووم هەموو دمووچاوی بلۆق و شین هەڵگەڕابوو!

-من پێم خۆش نییە تۆ ئەو ڕوخسارە قیزەونە لە نیزیکەوە ببینی لەو شارە کەسایەتی لەو چەشنەمان زۆرن ئەوان بدۆزەوە و دیمانەیان لەگەڵ تەواو کە بۆ نموونە; مامە قادر لە ئاوایی ڕەشەهەرمێ

مامە قادر لەو بۆردوومانەدا چوار کەسی لە دەست داوە بچۆ بۆ لای وی و واز لە من و بەسێ بێنە تکایە!

-نانا ئەوە زۆر تایبەتە نەسرین' ئەڕێ ئێستەش حەوت ڕۆژێ حەوتوو بەیانی دەچێتە گۆڕستان و بە دەنگی بلاوێنی لە سەر گلکۆی ئەو حەوت قوربانییە دەچرپێنێ؟!

-ئەرێ ئێستەش هەر حەوت ڕۆژی حەوتوو پاش گۆڕستان دەچێتە گوێی "زێی بچوک" و لە دەوری شۆڕەبییەکان تەواف دەکا و تێی دەچریکێنێ:" شەمۆیان دەچمە سەر سوڵتانی شەمۆیانت بۆ دەگرمەوە و حەوت دانەت بۆ دێنمەوە.

-نەسرین هێشتاش وێنەی ئەو لەچکە سپیە توزاویە لەسەر ڕوخساری هەڵتۆقیوی لە زەینم دایە!

با وەختت نەگرم من دووسبەی بە کامێراوە لە بەر دەرکەیماڵتان حازر دەبم جارێ ماڵئاوا.

-ئەی هاوار ئەوە دەڵێی چی؟! چەند ساڵ چاوەڕوانی هاتنەوەت بووم چەندە تامەزرۆی دیدارێک بووم!

ژانی ئەو زام و برینە عیشقی لە بیر بردووەمەوە.

قەدرێک ڕاما و بێدەنگ بوو پێش ئەوەی بکەوێتە کۆخە کۆخ ماڵئاوایی کرد' حەپەسا بوو هەناسەی دەر نەدەهات پشووی سوار بوو تەنانەت کۆخەکەشی لە گەروویدا گیری کردبوو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و کۆخەیەکی جەرگ بەڕ بە دوایدا بێ دەنگی شکاند و چەند دڵۆپ خوێنی گەش کەوتە سەر لەچکە سپیە تۆزاویەکەی سەر کۆشی و تۆزێکی سپی بە بۆنی تاڵی سیانوژن چاوە گەشەکانی لێڵ کرد!

کەوتەوە بیر قسەی نەرمین یەکێ لە قوتابیەکانی کە گوتبووی:"خانم گیان ئێستە بە ئامرازی جوانکاری پێست' زۆر بە سانایی ئەو بلۆقانە عیلاج دەکرێ! ڕۆژێک یەکێ لە هاوکارەکانی گوتبووی:"خانم کەریمی دەوڵەت باشتان پێ ڕادەگا بۆ خەمێک لەو ڕۆخسارەت ناخۆی؟!

ڕۆیشتە بەر ئاوێنە باڵا نوێنەکە دەستێکی بە دمووچاوی پڕ لە چاڵ و چرچ و لۆچی داهێنا بلۆقەکانی بۆ هەزارەمین جار ئەژماردەوە یەک و دوو و سێ و...حەوت حەوتێکی نەگریس!!!

پەروین شێخی

**«زامێک لە زامەکانی سەردەشت»**

چاوەکانم داخست بوو، بۆنم دەکرد، بۆنێکی نامۆ بەگیانم. لەوە دەچوو دەمێک بێت ئەم بۆنە بە ناو لوتم دا گوزەری کردبێت، نەم دەتوانی بزانم ئاخۆ ئەو بۆنە خۆشە یان نا، وردە وردە هوڕ دەبووم. دواین شت کە بیستم تەپەی جەستەی خۆم بوو. ئاگام لە هیچ شتێکی تر نەما، ڕەشەبا گەردیلەی لم و خۆڵی بەسەر گیانم دا دەخشاند، هەوڵم دەدا چاوەکانم دابخەم، تۆز خۆڵ نەچێتە ناو چاوم، نەم دەتوانی چاوەکانم داخەم. هەوڵمدەدا هەڵ بستمە سەر پێ، نەم دەتوانی. چەند هەنگاوێک لە ناوەوەی خۆمدا گەڕامەوە دواوە و خۆم لە جەستەیەکی سارد و سڕ و بێ گیان هەڵ دایە دەرەوە. گەڕامەوە سەر جەستەکە، سەیرم کرد، ئەوە من بووم، من بووم لە ژێر قاچەکنم کەوتووبم. چاوەکانم ئەبلەق، دەمم بەشکردبۆوە، مێش و مەگەز لە دەوری دەمم هەڵدەسوڕان. لەسەر جەستەکەم دەگریام و هاوارم دەکرد: وەرەوە هۆش خۆت، دە هەڵسەوە .

هیچ جوڵەیەکی نەبوو، گوێی لە دەنگم نەدەبوو. دەستم ڕادەوەشاند، تاکو مێش و مەگەزەکە دوور بکەمەوە، دەستم بەریان نەدەکەوت. جەستەکەمم ڕادەوەشاند، بەڵام نەک هەر نە دەجولا، بگرە دەستم بێ ئەوەی بەر هیچ شتێک بکەوێت، بەناو جەستەکەم تێپەر دەبوو. بێزار بووم لە گریان و هاوار، هەڵستامە سەر پێ، دوو شەقم ڕاوەشاندنە کەللە سەرم، قاچم ترازا و هێندەی نەمابوو بەر ببمەوە. جەستەی خۆم بە جێ هێشت، تاکو بچم بەدوای یەکێک بێت هەڵم بگرێتەوە. لە ڕێگە دا، گڤە گڤی با سەری کاس دەکردم، لە بەر تۆز و خۆڵ بەردەمی خۆمم نەدەبینی. چووەمەوە لای ماڵەکەم، دەرگەی ماڵەکەمان کراوە بوو، کەس هاتوو

چۆی نەدەکرد. ئایی من چ دەبینم؟ ئێرە چی بەسەر هاتووە؟ دوێنێ لێرە ژیان بە ئاسودەی تێپەڕ دەبوو، ئێستا چی قەوماوە؟ ئەوە دایکمە، شانەکەی لە سەر زەوی کەوتووە، کەزیە ماش و برنجیەکانی لە دەستی دایە. حەمەی برا بچوکم، ئەو هار و هاجە بە بێدەنی لە ژێر نسێی دارەکە خەوتووە. باوکم مەوجی ڕادیۆییەکەی لەدەستی یە، ڕادیۆییەکە هیچ ئێستگەیەک نادۆزێتەوە، خشە خشی ڕادیۆییەکە نوتقی مرۆڤ دەبڕێ. هەموویان لە حەوشەکەن تەنانەت دوو خوشکەکەشم بە دیار چاڵی مۆرینێ داڵغەیان لێداوە. هەر دوێنێ بوو لێرە گشتمان ئاسودە بووین، بە موچەی تەقاوتیەکەی باوکم بێ کێشە دەژیاین، فارمان بەرێکی ئاسایی حوکومەت بوو، موچەکەی زۆر نەبوو بەڵام بۆ ژیانی ئێمە باش بوو. دایکم ژنی ماڵەوە، کە لە ماڵ دەچوومە دەر گشت ڕۆژێک سوێندی دەدام، تەنانەت ئەمڕۆش کە لە ماڵ دەرچووم گوتی؛

- کاروان تو خودا، ئاگات لەخۆت بێت.

- بەچاوان دایکە.

- ڕەفیقایەتی کەسی خراپ مەکە.

- دایکە من کوا ڕەفیقی خراپم هەیە، تەنیا هێدی ڕەفیقمە، تۆش باش دەی ناسی کەسێکی چۆنە؟

لە ماڵەوە دەرچووم، تاکو بچم بۆ لای هێدی. ئەو ڕۆژە هێدی لە ماڵەوە نەبوو، من دەمزانی کە لە ماڵ دەچێتە دەر دەچێت بۆ کوێ، بۆیە ڕاستەوخۆ لە ماڵی هێدی بەڕێکەوتم تا بچم بی دۆزمەوە، بەڵام هێدیم نە دۆزیەوە کەوتمە سەر زەوی. لەوانەیە ئێستا هێدیش لە سوچێکی سەردەشت کەوتبێتە سەر زەوی .

تەقەی دەرگە هات و ڕاچڵەکیم، چەند پیاوێک، کە قیناعیان لە سەر بوو بە شەق دەرگەیان کردەوە، هاتنە حەوشەی ماڵەکەمان. تەرمەکانیان بینی، خۆیان لێ نەبان کرد بەرەو ژوورەکان هەنگاویان نا. بەدوایان داچووم. لێف و سەرینەکانیان تێکرا هەڵدەدایە سەر زەوی، نەم دەزانی بۆ وا دەکەن! ئاخۆ شتێکیان ون کردووە و بە دوای دادەگەڕێن؟ لە نێوان قەدی لێفەکان کیسە سورەکەی دایکم لەگەڵ ڕاکێشانی لێفەکە کەوتە سەر زەوی. کردیانەوە چەند بازنەیەکی دایکم، کە باوکم وەک مارەی بۆی کردبوو، لەگەڵ کەمێک پارە، کە ڕەنگە بۆ ژن هێنانی من هەڵیان گرتبێت. پیاوەکان لە نێوان خۆیان شتەکانیان بەش کرد. پاڵیان بە یەکتر وەدەنا، خەریک بوو لەسەر دابەشکردنی ئەو چەند بازنە و کەمە پارەیە ببێتە شەڕیان. دواتر لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە، یەکێک قاچی باوکمی گرت و ڕایکێشا یەکێکی تر هەردووک خوشکە بچووکەکەمی لە ژێر باڵەکانی نابوو دەیبردنە دەرەوە، یەکێکی تر دایکمی بە دوای خۆی دا ڕادەکێشە. دواتر سەربازێکی تر هاتەوە بە دوای حەمەی برام. کە ئەوەم بینی هەموو ئەندامانی خێزانەکەمیان برد بە ڕاکردن بەرەو جەستەی خۆم ڕۆیشتم، تاکو لە خێزانەکەم دانەبڕێم و لەگەڵ کاروانی وان بڕۆم. لە ڕێگە مەلام بینی ڕایان دەکێشا، دکتۆر، دوکاندار، تەنانەت هێدیشم بینی دوو پیاوی قیناع بەسەر، بە دەست و قاچ بڵندیان کردبوو دەیان برد بۆ ناو یەکێک لە ئۆڕاڵەکان. گەیشتمەوە سەر جەستەکەم، خەریک بوو خۆم ناسمەوە، دەم و چام بڵۆقی کردبوو. جەستەم چەوری دەر دابوو. بێزم لە خۆم دەبوویەوە. چاوەکانم نووقاند و دەمم داخست و بە دەست لوتمم گرت، خۆم تێهەڵدایەوە ناو جەستەم.

◂ جێگر بەختیار

**«منم سەردەشت»**

بڕوانە دیسان لە ژێر دارگوێزەکەدا نووستووە، ئاخر چەند جار بڵێم ئەو حەسیرەم لە بن قەیسیەکەدا ڕاخستووە لەوێ ڕاکشێ. هەڵستە، هەڵستە تاکوو تەڕم نەکردووی؛ با بڕێک ئەو حەوشەیە فێنک کەمەوە، گوێزەکانیش ئاویان دەوێ چەند ڕۆژە ئاوم نەکردوون؛ دەی هەڵستە دەی، دێرە ئێستا باوکت دووکانەکەی کردۆتەوە، هەڵستە تا بە دوایدا نەناردووی؛ ئێستا دەڵێ دیسان بە دیار منەوە دانیشتووی و جێم ناهێڵێ هههههه. نا نا بابەحەسەن دەیکوت: تۆم لە شاهۆ زیاتر خۆشدەوێت بەڵام ماوەیەکە ئارام و قەراری نییە و هەر خوداخودایە ئێوارە بێت و بگەڕێتەوە ماڵێ. ئای سەیری ئەو گوڵە نازنازیانە بکە چۆن بێناز کەوتوون و ملیان شۆڕ کردۆتەوە، هەموو لە بێئاوییا خنکاون. چییە شاهۆ؟ بۆ وا سەیرم دەکەی؟

هاهاهاها شاهۆ گیان تۆ خەمی منت نەبێ هێشتا زووووییە...نایهەوێ بە دیار منەوە دابنیشیت، ئەوە دراوسێکان هەن بە بۆن ژێرزەمینەکەوە لە حەوشەکە دادەنیشن؛ ئەرێ شاهۆ ئاخری نەتکوت ناوی بنێین چی؟ دڵم پێم دەڵێ کچە، من حەزم لە سەردەشتە، ئەی تۆ؟ دەی ئەگەر کوڕ بوو... ئمممم تۆ بڵێ شاهۆ! ئەگەر کوڕ بوو ناوی بنێین چی؟

ها شاهۆ گیان بۆنی بکە تا نەمشتووە؛ وەبیر خەنەکەی ڕۆژی زەماوەندەکەمان کەوتم؛ چەندە سوور و جوان بوو، دەستت گرتم و کوتت: مەهێڵە ڕەنگی بڕوا با هەموو کاتێ خەنە بە دەستەکانتەوە بێ. کەمێک بەولاوە شیلنگەکە بگرە؛ ئۆی سەیرکە! جوان ڕەنگی نەگرتووە، خۆ هەر خەنەکەی جارانیشە. ئەرێ بۆ شیلنگەکەت فڕێدا خۆ هێشتا دەستم ماوەیەتی بیشۆم؛ ها شاهۆ

چییە بۆ وا پەشۆکاوی؟ دەنگی چی؟ هاااا؟

ئەرێ شاهۆ دەنگە... سەیری ئاسمان کە هەواپەیماکان هاتن! شاهۆ ئەمجار وەک جارەکانی پێشوو نییە زۆر نزیکن، نزیکن نزیک شاهۆ، درگاکە بکەوە دراوسێکان؛ شاهۆۆۆ بیکەرەوە...

جیرەی درگاکە کە هات کتووپڕ ڕاچڵەکا، لە سەر دیوارە درزبردووەکەدا وێنەیەکی کۆن لە ژن و پیاوێکی گەنج هەڵواسراە؛ دەنگی هەناسە و وڕاوەکردنی لە ژوورەکەوە دەهات.

ـ چییە دایە گیان باشی؟

ـ ها کچم ئێرە کوێیە من لە کوێم

ـ دایە گیان دیسان خەونەکەی ڕۆژانت بینیەوە؟

ـ خەونی چی کچم، خۆ من نەخوتبووم...ئەوە بنەماڵەکان خەریکن دەگەڕێنەوە، دوو مانگە حەوشەکەم نەشتووە، قەیسی و گوێزەکان وشک بوون؛ هااااا ئێستا شاهۆ دیسان لە بن گوێزەکەدا خەوتووە، دەبێ تا باوکی بە دوایدا نەناردووە وخەبەری بێنمەوە

ـ دایە گیان چەندێک پێت بڵێم ڕاکشێ و پشوو بدە، ئەوە دیسان کەوتیەوە کۆخە کۆخ دەی منیش ئیتر بڕستم لێبڕاوە

ـ دەستم دەستم ڕەنگی پێوە نەماوە...

ـ چی چی؟ حاڵی نابم کوتت چی؟ نابێ دایە گیان نابێ دوکتۆر لێی قەدەغە کردووی.

ژنەکە کراسی کچەکەی گرتبوو و بە چاوی پاڕانەوە، سەیری دەکرد، لە دوای نیو کاتژمێر گەڕایەوە ژوورەکەی، کاسەیەک بە دەستیەوە بوو، هەڵیساندەوە و سەرینەکانی لە پشتیەوە دانا، هەر دوو دەستی لە خەنەکە ئاویشت. کۆخە وشکەکان بڕانەوەی نەبوو، هەناسەکانی وەژمارە کەوتبوون.

ـ دایە گیان دایە! با بیشۆم بەرگە ناگری دایە...

ـ لێیگەڕێ کچم هاااا با جوان ڕەنگ بگرێ، دەترسم ڕەنگی نەگرتبێ، شاهۆ حەز دەکات هاااایش دایم خەنە بە دەستمەوە بێ؛ شاهۆ بۆ نایەت کچم؟ خۆ هاااا ئەویشیان بۆ نەخۆشخانەی ورمێ ناردبوو، ئەدی کوا منداڵەکەم، کچ بوو یان کوڕ؟

ـ ڕاکشێ دایە گیان ئاوا مەکە لە خۆت، مەجووڵێ، مەنەوە لەو شیلنگە کەپسوولەکە دادەخەی

ـ جێی تاوڵەکان ئازارێکی زۆری هەیە، دوێنێ شەو هاااا تۆ نەبووی ئەو پەرستارەیتر بۆی تەقاندم و دەرمانی لێدا، ئەی کەی منداڵەکەم بۆ دێنن بیبینم؟

ـ دایە گیان دایە! بە قوربانت بم، منم سەردەشت...

◂ شەرمین ساڵحی

**«نیگای هەشتەم»**

هەمووومان لەوێ بووین، نازانم چەند کەس و لە کوێ؛ تەنیا بووین و خەریکی کایە لە گەڵ هاوڕێکانم لە ناو کولان. بە دزیەوە چاوە شینەکانی بابە ئاسمانم لە پشت مشتۆڵە بچوکەکانمەوە تماشا دەکرد، تا ئەوان ڕاکەن و خۆیان حەشار دەن و منیش بڕۆم بیاندۆزمەوە. بانگیان کەم: بێم...بێم... مناڵەکان؟! تەنیا حەوت جار چاوم داخستبوو ئەو ڕۆژە. چەندە شانسم هێنا، هەر جارێک زوو دەچوم لەپشت بۆشکە ژەنگ هەڵاتووەکانی نەوتەوە، یا ئەو داشقەکۆنە، کە گشت چیرۆکەکانی دایە تووبای، تەنانەت بۆنی خەنەی پرچەکانیشی لە خۆیدا خەواندبوو، دەدۆزینەوە و گرمە دەدان. حەوت جار چاوم داخستبوو، هەر ئەوەندە.

حەوت جار لە پشت دەستە حەڵقە کراوەکانی ژێر سەرم، چپەی لێکدانی لێوی ماسییە سوورەکەی ناو حەوزی ئاوەکەم بیستبوو کە دەیکوت: ئاو...ئاو...ئاو

-لەکوێن مناڵەکان، بێێێێێم؟

بێدەنگ، بێدەنگیەکی پڕ لە گزەی پیلانێکی مناڵانە کۆڵانی داگرتبوو.

هاتم مناڵەکان؛ چەندەمین جارم بوو پرسیبووم؟ نازانم.

ماسییە بچکۆلەکە هاتبووە سەر ئاوی حەوز و لە ژێر نسێی گەڵاکانی دار هەنار، مەلەی دەکرد و خۆی حەشار دەدا. جاری دووهەم بوو چاوم داخستبوو، پشیلەیەک بەشێوەی "با" لە پاڵ داوێنمەوە ڕابوورد. لێوم بە قیژەیەکی بەسامەوە دوای پشیلەکە کەوت و دانە دانەی مناڵەکانی لە کەلێن و قوژبنەکانی بێدەنگی کۆڵان دەرکێشا. لە کاتێکدا زمانم بە شێوێنی بە تاڵی دەدانمدا دەگێڕا دەم گرتن و ئەوانم بە شێوەی

بەرزی و نزمی باڵایان بە سینەی دیواری کۆڵانەوە ڕیز دەکردن و دەمژماردن...دوو...پێنج...یەک ...نۆ...چوارررر...و لە کۆتاییدا من دەمامەوە و دیسانەوەش چاوەکانم و سینەیەکی پر لە هەناسەی پچڕ پچڕ.

ئێستا نەم پرسیبوو خۆتان شاردەوە؟ نەمکوتبوو شەش ...دە...چوار.

خشتەیەکی چوارسووچی بوو، هەمووی چوارکونجی هەبوو کە بە هێلێکی سوور لێکدابڕابوو، ڕقم دەبووەوە لەو هێڵە سوورە. یاری نەبوو خۆ، هەر دەبوو بەردەکە باوێژەیە نێو یەکێ لەو سووچانە و نەکەوێتە سەر هێڵە سوورەکە، ئەگەر کەوتبایە دەخیچای. لاقێکم لە حەوا، لە سووچی یەکەم بووم کە بابە ئاسمان سینگی دایە ئێش، سینەی ڕەشداگەڕا و حەوت دێوی ڕەش لە باوەشیەوە بروسکە ئاسا دەرکەوتن ومن لە ترسان دەستم داکەوت و زمانم ڕێک لە بەتاڵی ددانم گیری کرد. چەند هەنگاوێک چوومە دواوە و چوومەوە پەنای ئەو داشقە ژەنگ هەڵاتووە، کە سەغیرانە خۆی لە باوەش گرتبوو. باوەشی دێوەگەمژەکەی بەیتەکانی دایە تووبایەک، کە هەمیشەی خوا بۆنی خەنەی لێ ئەهات؛ بۆنی بەیانیانی زوو، بۆنی تەڕی و فێنکای شەو.

دێوە، تەنوورەی کێشا: بۆنی ئادەمیزاد دێ، بۆنی غەریبە...ئاااییی غەریبە وەر دەرێ. مناڵەکان بەدەم گریانەوە شوێن پێی دێوەکانیان لە ئاسمانی تۆقاوەوە سەیر دەکرد. دڵیان بەسۆی ناڵە ی دڵتەزێنی ماسییە سوورەکە بۆ ئاو، لە ناو حەوز هەڵدەلەرزا، کە بۆ جاری هەشتەم چاوم داخست.

-دەستم لە ژێر جەستەم کەوتبووە پەنا دەسماڵێکی لیپ لە چاو و گوێچکە و لووتی بڕاوی دێوەکانی حکایەتی دایە تووبای

شەوە فێنکەکانی ژێر سێبەری دارەگوێزی کۆڵان.

-کوتبوم: بێم ...بێێێێێێێم؟

هیچی کەم نەکوتبوو. حەوت هەڵوژەی سەوز، حەوت گوێزی سەوز نازانم چۆن هاتبوون و لە نێوبەندی گەرووم دانیشتبون.

چنگەم دا لە داوێن دایکە شوکولاتی زەوی، چنگم دا، لە خۆڵی کوڵان، لە گەڵا داکەوتووەکانی دارە گوێزەکە و لەدڵمدا قیژاندم: بابە ئاسمان، دایکە زەوی مناڵەکان... مناڵەکان چوونە کوێ؟ بۆ نایەنەوە؟! ماندووم ئەوندە چاوم داخست، پێیان بڵێ بێن، ئاخر بۆ نایەن؟ حەوت...چوار...چوار...چوار...

- بۆنی ئادەمیزاد دێ... دەیدۆزمەوە و دەیخۆم، دەیکەمە یەک پاروی چەپ. دێوەکە نەعرەی دەکێشا.

سەرم لە پەنا بۆنی دایە تووبا، لابەلای بەنە ڕێسراوەکانی تەشیەکەی کەوتبووە سەر ئەرز. لە پشت پێڵوە قورس و بریندارەکانمەوە باسکە خولەکانی بابە ئاسمانم پڕ لە خۆڵەمێش دەبیند، پڕ لە بۆگەنیویی دەم و لێوی دێو. ماسییە سوورەکەش، شێتانە بە ئاسماندا ڕای دەکرد و لێوە ڕەنگ بزرکاوەکانی بە تەمەنای ئاو لێک دەدا. من بلۆقە ڕنگاڵەکانی نێو سییەکانم بۆ قومێک هەناسە سەر و ژێر دەبوون و لە هەمان کاتدا چاوە داخراوەکانم دەربەدەری مناڵانێک بوو کە تەنیا حەوت هەنار و حەوت سێویان لەگەڵ من لە "تیر" وەرگرتبوو و هێشتاش دایەتووبا بەو لەچکە سپییەیەوە نەعرەی دێوە گەمژەکەی تاکۆتایی نەرێسا بو.

◂ خەدیجە جاوید

**«درەنگتر لە درەنگ»**

نازانم هۆی چییە دوو ڕۆژە ئارام ناگرم.

چاوم دەفرێ و دڵەکوتە برستی لێبرِیوم. وەک مریشکی سەر هەڵکەنراو پەلە قاژەمە و بێدەرەتان چاوەڕوانی ڕووداوێک دەکەم. ڕەنگبێ هی  ئەوە بێت کە دەمێک ساڵە چاوەڕوانی هاتنی  تۆم، جۆرێک کە ئیتر باوەڕ ناکەم خەونەکانم بووبنە ڕاستی..

بەڵام خۆزگە لە کات و سات و شوێنکی تردا دەهاتی.

چەن ساڵێ بەر لە ئێستا یان دواتر.

لەم  بشێوی و ئاگربارانەدا ،لەم بارودۆخە نەگونجاوەدا کە ناتوانم بە ئامادەییەوە بێمە پێشوازت ،هاتنت چ  غەمگینە..

حەزم  دەکرد حەمام بکەم و لە بەر ئاوێنەکەدا قژە درێژەکانم بهۆنمەوە و

کراسێکی سووری  ئاودامان بکەمە بەرم و چاوەکانم کلرێژ کەم.

بەڵام لەم هەڵات  هەڵاتەدا ،کە ژیان هیچی بە سەر  هیچەوە نەماوە ،نازانم چی بکەم...

ـ تکایە خێراتر برۆ ، گاز بدە

ـ نااا ،بێستە

خوایە ئەمە چی بوو؟

هەناسەم بۆ هەڵناکشێ، خەریکە دەخنکێم .

ئەی بۆ ئاوا دەسووتێین؟

ـ سەراوم تۆقی ،چاوەکانیشم..

زریکەکانمان تیکەڵ بوون، من و تۆ و باوکت هەر سێکمان پێکەوە زریکاندمان. هەر پێکەوەش بێدەنگ بووین.

ئاخ.. فریا نەکەوتم جارێک تەنیا جارێ لە شیرەی گیانم تێرت کەم..

حمێرا محەمەد ئەمینی





🎨 مەسعوود حەسەنزادە (غەمیار)